# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

ژمارە ٦٦ – ٢٠٢٦
گۆڤارێکی زانستیی وەرزییە

سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی و خاوەنی ئیمتیازی گۆڤار
حەمەسەعید حەسەن

سەرنووسەر
پ. د. موحسین ئەحمەد عومەر

بەڕێوەبەری نووسین
د. پەخشان فەهمی فەرحۆ

دەستەی نووسەران:
پ. د. قەیس کاکل تۆفیق
پ. د. بەختیار سەجادی
پ. د. فەرهاد قادر کەریم
پ. ی. د. ئەحمەد موحەممەد مام عوسمان
پ. ی. د. عەبدولواحید ئیدریس شەریف
پ. ی. د. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد
د. لەزگین عەبدولڕەحمان ئەحمەد

دەستەی ڕاوێژکاران:
پ. هـ د. میشێل ایزەنبێرگ
پ. د. مارتن ڤان برونسن
پ. د. جەلیلی جەلیل
پ. د. ساڵح ئاکین
پ. د. جەعفەر شێخولئیسلامی
پ. د. عەبدولڕەحمان ئەداک
پ. هـ د. هاشم ئەحمەدزادە

Web: journal.ka.gov.krd
ISSN: 2520- 4106
هەولێر/ شەقامی هەڵەبجە

گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، گۆڤارێکی زانستیی وەرزییە، لەلایەن ئەکادیمیای کوردییەوە دەردەکرێت و بایەخ بە توێژینەوەی کوردی لە بوارەکانی زمان، ئەدەب، دیرۆک، جوگرافیا و کولتووریی کوردی دەدات.
گۆڤارەکە توێژینەوەکان بە زمانەکانی کوردی، عەرەبی و ئینگلیزی بڵاو دەکاتەوە و یەکەم ژمارەی لە ساڵی ٢٠٠٢دا بڵاو بووەتەوە.
ئەم گۆڤارە لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە، بۆ بەرزکردنەوەی پلەی زانستی باوەڕپێکراوە.


* ڕێکخەری کاروباری گۆڤار: ئیمان نەجات ئاغۆک
* دیزاین: هەرێم عوسمان
* ماڵپەڕی گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی:
Web: journal.ka.gov.krd
* ئیمێل: journal@ka.gov.krd
* مۆبایل: 009647508375575

وەرگرتن ٢٠٢٥/٨/١
پەسەندکردن ٢٠٢٥/١٠/٨

# تێمای عیشق لە شیعرە کوردییەکانی عەلی حەریریدا

**د. سەیوان محەمەد تاهیر**
کۆلیژی پەروەردە، بەشی کوردی، زانکۆی سەلاحەدین
Saewan.tahir@su.edu.krd

پوختە

یەکێک لە گرنگترین لێکۆڵینەوەکانی مێژووی ئەدەبیاتی جیهانی بابەتی عیشقە، چونکە لەگەڵ دەرکەوتنی ژیانی مرۆڤایەتی لە دایک بووە، هەندێکیان تا ئێستا لە هزری مرۆڤایەتی ماونەتەوە و بەردەوام لە ناو ئەدەبیاتدا دەنووسرێنەوە. دەکرێت بڵێین هیچ ئەدەبیاتێکی جیهانی بێبەش نەبووە لەبابەتی عیشق، ڕاستەقینە یا مەجازی بێت، عەلی حەریری وەکو شاعیرێکی کوردی لە مەبەستەکانی عیشقدا شوێنێکی گرنگی لە دیوانەکەیدا پڕکردۆتەوە، سەردەستەی شاعیران بووە، باسی دووری و سوتان لەناو عیشق دەکات. ئەم بابەتە گرنگی تایبەتی هەیە لە بواری گرێدانی ڕۆح بە جەستەوە، ئەمەش تێمەیەکی گرنگە لە ناو ئەدەب و عیشقدا، لەلایەکی دیکەوە گرنگی تێمای عیشق لە شیعرەکانی حەریری دەخاتە ڕوو، چونکە عیشق و شیعر دووهەستی لێک دانەبڕاون. قۆناغەکانی عیشق لە شیعرە کوردیەکانی "عەلی حەریری" دا لەچوارچێوەی دیوانەکەیدا دەخەینە ڕوو، کە شوێنی تایبەتی لە شیعری کوردیدا هەیە.

وشە کلیل: تێما، عیشق، دەروون ناسی، عیشقی مەجازی، عەلی حەریری.

## پێشەکی

لە تێکستە شیعرییەکانی عەلی حەریریدا عیشقی مەجازی خۆشەویستییەکی لە ڕادەبەدەرە، پەیوەستە بە تاکەکەسێکی تایبەت، تەواوی نیگا و گرنگی پێدانی بۆ مەعشوقەکەیەتی، بەجۆرێکە جگە لە مەعشوق هیچ کەسێکی تر نابینێت و ئارەزوو و ئاواتی تەنها گەیشتنە بە یار، جگە لەوە بە هیچ شێکی تر ڕازی نابێت.عیشق لە شیعری کۆنی کوردیدا لەسەر بنەمای عیشقی سۆفیگەریانە و زیهنیدا خۆی دەنوێنێت، ئەم چوون و هاتنە بەردەوام لە ناو شیعردا دێت و دەچێت، بۆیە عیشق یەکێکە لە پێداویستییەکانی مرۆڤ و مرۆڤایەتی، کە دەبێتە هۆی بەخشینی واتا بە ژیانی تاکەکەسەکان. عیشق لە کۆنەوە تا ئێستا بۆتە جێگای بایەخی مرۆڤایەتی، ئەمەش بە هۆی ئەو کاریگەرییە دەروونیەی کە دەیکاتە سەر هەستەکانی مرۆڤ، لەلایەکی ترەوە زۆربەی ڕەفتارەکانی مرۆڤ دەگرێتە خۆی، بۆیە کاتێک کەخۆی دەنوێنێت کاریگەری بە دەردەکەوێت، ئەم کاریگەریەشە وادەکات شاعیر ئیلهامی شیعری بۆ بێت، یا نووسەر زۆر جار بە هۆی ئەو هەستەوە دەست دەکات بە نووسینی بابەتێکی هەست بزوێن، یا بە هۆی ئەو کاریگەرییە دەروونیەی کە بە هۆی عیشقەوە لەسەری دروستبوە، بێت ئەو بابەتە بنووسێت، دەکرێت سنوری عیشق لە چوارچێوەی ئافرەت یاخود عیشقی عیرفانییەوە بێت. سەبارەت بە(عەلی حەریری)بەشی هەرە زۆری شیعرەکانی خۆی لەبابەتی عیشقدا دەبینێتەوە، عیشقی حەقیقی و مەجازی، بۆیە دەکرێت بگوترێت عاشقترین شاعیری کوردە کە زۆربەی شیعرەکانی لە سنووری خۆشەویستی ئافرەت دایە.

ئەم توێژینەوەیە وەکو پێکهاتە خۆی دەبینێتەوە لە شیعرە کوردیەکانی(عەلی حەریری)، کە لە سەر بنەمای ڕێبازی(وەسفی- شیکاری)ە، بۆچوونی زانایان و لێکۆڵەرانمان سەبارەت بە چەمک و زاراوەی عیشق خستۆتە ڕوو، دواتر شیعرەکانمان بەپێی هەمان ڕێباز شیکردۆتەوە.

**پرسیاری توێژینەوە:** ئەم توێژینەوەیە وەڵامی ئەم پرسیارانە دەداتەوە:

١- تێڕوانینی حەریری بۆ عیشق چیە؟

٢-کاریگەری عیشق لەسەر دەروونی حەریری چۆن بووە؟

٣- حەریری وەکوو شاعیرێکی کۆن تێمای عیشق چۆن لە شیعرەکانیدا دەخاتە ڕوو؟

ئەم توێژینەوەیە بێجگە لە پوختە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی و پێشەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان، لە دووبەشی سەرەکی پێکدێت، بەشی یەکەم خۆی دەبینێتەوە لە زاراوە و چەمکی عیشق، بەشی دووەم دوو تەوەرە، تەوەرەی یەکەم پێکدێت لە ئەزموونی شعری حەریری، تەوەرەی دووەم پێکدێت لە شیعری عەلی حەریری و عیشق.

### پێشینەی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە بە تەواوکەری توێژینەوەکانی تر دادەندرێت. کە لەبارەی عیشقەوە نووسراون.

هەندێک لەو بابەتانەی کە باس کراون لە ((توێژینەوەکانی دووەمین کۆنفراسی نێودەوڵەتی، عەلی حەریری، زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر- کۆلێژی پەروەردەی شەقڵاوە، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەلات.))بریتیین لە:

–ڕەمەزان، وەحید نعمت(٢٠٢٥).سالوخەتێن لەشێ مەعشوقێ د شعرێن کوردی یێن(عەلی حەریری)دا، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەلات. لەم توێژینەوەیەدا تەنها باس لە وەسفکردنی جەستەی مەعشوق دەکات لە

شیعرەکانی حەریریدا، باسی عیشقی نەکردووە، بەشەکانی جەستەی مەعشووقی بە پێی ناوهێنانیان لەلای حەریری لە شیعرەکاندا شیکردۆتەوە و چۆتە ناو لێکچواندن و هەندێک بواری سۆفیگەرییەوە، ئەمەش لەگەڵ ناونیشانی بابەتەکەی ئێمەدا یەک ناگرێتەوە.

– اسماعیل، ژینۆ، سلێمان، هەژار فەقێ(٢٠٢٥). هەماهەنگی ئیستاتیکی ل شیعری حەریری و مەحویدا،ئەم توێژینەوەیە کار لەسەر هاوسەنگکردنی هەردوو شاعیر دەکات لە ڕووی ئاستی ئیستاتیکی شیعری ئاستی دەرەوە و ناوەوە، دوورە لە بابەتی عیشق.

– عوسمان، شەرمین وەلی و حەسەن، رەوەند ساڵح.(٢٠٢٥).دیاردە و رەفتارە کۆمەڵایەتییەکان لە شیعرەکوردییەکانی عەلی حەریریدا، ئەم توێژینەوەیە لە روانگەی کۆمەڵایتییەوە دەڕوانێتە شیعرەکانی حەریری کە تا ڕادەیەک دوورە لە بنەمای شیعری حەریری.

– حەمەدئەمین، اسماعیل ،مەلا، مەهدی مەحەمەد، نەجمەددین،عەلی مستەفا(٢٠٢٥).رەنگدانەوەی هونەری لێکچواندن لە شیعرەکوردییەکانی عەلی حەریریدا، لێرەدا تەنها باس لە هونەرەکانی لێکچواندن کراوە.

– فایەق،دیار،عەبدوڵا،کاوە اسماعیل.(٢٠٢٥). نوستالیژیا لە شیعرە کوردییەکانی عەلی حەریریدا، لەم توێژینەوەیەدا باس لە مژاری نوستالیژیای شیعری حەریری کراوە.

– مەجید، پەخشان سابیر.(٢٠٢٥).ناسنامەی شیعری عەلی حەریری لە دووتوێی ڕەخنەی کوردیدا، باس لە شوێن و پێگەی حەریری کراوە لە ناو شیعری کورمانجیدا.

– خۆشناو،سەرباز.(٢٠٢٥).ڕۆڵی دەنگ لە بونیادی ئاوازی شیعرە کوردییەکانی عەلی حەریریدا،هەوڵدراوە چۆنیەتی دووبارە بوونەوەی دەنگی شیعری بە پێی قاڵبە شیعرییەکان بخاتە ڕووە.

## بەشی یەکەم:

### – زاراوە و چەمکی عیشق:

زاراوەی عیشق دیاردەیەکە تەواوی هەستەکان و ڕووداوەکانی ناو دەروونی عاشق دەگۆڕێت و کەسایەتییەکی نوێی لێ دروست دەکات.ڕێنوێنی ئەو دەگرێتە ئەستۆی خۆی و بە گوێرەی گونجانی هەر تاکێک و بە پێی ڕەنگدانەوەی هەمەجۆر دەردەکەوێت و پەیدا دەبێت.

لە تێمای عیشقدا ئەوەی کە بۆتە گرفت لەبەردەم بەکارهێنانی زاراوەکەدا ((بریتییە لە گواستنەوەی کێڵگە واتاییەکانی عیشقی مرۆڤی بۆ عیشقی خودایی و چۆنیەتی کارلێکردن و کارلێک نەکردنی ئەم دوو چەمکە لەگەڵ یەکتری، چونکە ئەگەر غەزەل وەکوو میراتێک بۆ شاعیرە سۆفییەکان مابێتەوە، ئەوا وەک چۆن پرسی خۆشەویستی ڕەگەزی هەرسەرەکی و بابەتی هەرە دیاری غەزەل بووە، سۆفییەکانیش ئەم بابەتەیان وەک خۆی لە ڕووکارەکەیەوە وەرگرت)) (عومەر ٢٠١٤: ٣٧)، بەڵام بە هۆی بیری تیۆری تەئویلەوە توانییان ئەم چەمکە لە چوارچێوە ئاینییەکەوە لە بنەستووی دەربکەن و لەگەڵ بیرو هزری شاعیر و ناوەڕۆکی شیعرەکەدا بیگونجێنن، بەو پێیەی کە دەکرێت هەمان تێمای عیشقی دونیایی بە تێمای عیشقی خودایی گوزارشت بکرێت و دەرببڕدرێت.

لەکوردیدا عیشق بە واتای((ئەڤین، ئەوین، دڵداری، بەندەواری، حەزلێکردوویی، عەشق)) هاتووە.(موکریانی، ١٣٦٩ هـ ش ، ٥٠٩). عیشق

خۆشەویستی و مەیل و ئارەزوو دەگەیەنێت، لای فەیلەسووفەکانیش بە واتای((مەیلێک بۆ کەسانێک یان ئەو شتانەی کە بەنرخن و سەرنج ڕاکێشن یان بەسوودن))دێت.(مجمع اللغة العربية ٢٠٠٤: ٥). لە ڕوانگەی زمانەوانیەوە عیشق بەم جۆرە پێناسە کراوە کە((خۆشەویستی ئارەزوو و مەیل و خۆشەویستیە، هەوەها خۆشەویستی واتە خۆشی ویستووە، ئەو خۆشەویستە، ئەو لە ڕادەبەدەر خۆشەویستە و دەگووترا خۆشەویستە بەڕادەی دیاریکراو، خۆشەویستی ناوێکە بۆ خۆشەویستی)) (ابن منظور٣٤٢-٣٤٣). خۆشەویستی بە واتایەکی تر عیشق لە ووشەی خۆشەویست وەرگیراوە، کۆکراوەی ناواخنی خۆشەویستییە، ئەمەش ئەسڵی ووشەکەیە، چونکە دڵ ئەسڵی مرۆڤە، کاریگەری تەواوی بەسەر تەواوی ئەندامانی جەستەوە هەیە، بە تایبەت لە ڕووی دەربڕینی هەست و سۆزەوە.

سەبارەت بە مێژووی عیشق لە شارستانیەتە کۆنەکاندا، لەوانەش سەردەمی فیرعەونەکان میسر، لێکۆڵینەوەیەکە"محمد الشیخ"بە پشت بەستن بە لێکۆڵینەوەیەکی زانستی کە فیرعەونەکان گرنگییان بە خۆشەویستی داوە و دەڵێت: ((شیعری خۆشەویستی بۆتە جێگای بایەخی زۆری شاعیرانی ئەمریکی لەسەدەی بیستەمی زایینیدا، ئەو کتێبانەی کە ببوونە مایەی سەرنجی بەهرەمەندانی ئەدەبی وەک"والت ویتمان"، عەزراپاوند" و کەسانی تر کە دووبارە شیعری خۆشەویستی هیرۆگلۆفی میسری کۆنییان بە ئینگلیزی و زمانە زیندووەکانی تر پێشکەش کردووە، ئەمەش بە هۆی کاریگەربوونییان بە ڕەوانبێژی بێسنوور، وەک ئەوەی خانمە شاعیر و لێکۆڵەری کەنەدی "سۆنیا دی بلاسیدۆ" لە لێکۆڵینەوەکەیدا بەناوی"شیعری خۆشەویستی لە میسری کۆندا" خستبوویە ڕوو)) (الشیخ ٢٠٩: ٤-١٣).

تێڕوانینی وابوو سەردەمی گەشەسەندنی ئەم جۆرە شیعرە دەگەڕێتەوە بۆ دەوڵەتی نوێی "میسر" لە ساڵی(١٥٧٠ -١٠٧٠پ.ز) کە پێشکەوتنی لە تەواوی سێکتەرەکانی ژیانەوە بەخۆیەوە دیتبوو، لەوانەش شیعری خۆشەویستی، بە تایبەت لە سەردەمی بنەماڵەی "ڕەمسیسەکان" لەوانەش(ڕەمسیسی یەکەم و دووەم و پێنجەم).

بۆ تێگەیشتن لە عیشق دەبێت بڕوانینە ئەو تێڕوانینەی لە تیمای عیشقدا هەیە، کە جیاوازە لە قسەی ئاسایی، چونکە ئەو ڕۆحیەتەی لە تیمای عیشقدا لە نێوان دوو کەسدا دەبیندرێت زۆر جیاوازە لەوەی کە کەسێک لە دوورەوە تەماشاچییە، چونکە تەنها ئەو دوو کەسەی کە لەناو پرۆسەکەدا دەژین لە ماهیەتی عیشق تێدەگەن.

سەرچاوەی عەشق ناکۆکی تێدایە، ئەوانەی کە بڕوایان بە عیشقی جەستەیی هەیە، دیتن و گوێ لێبوون و وەسفی جوانی جەستەی مەعشوق بە سەرچاوەی عیشق دادەنێن، بەڵام لایەنگرانی عیشقی ئاسمانی سەرچاوەی" پشت پەردە" و خوایی بۆ ئەم جۆرە عیشقە"قبوڵ" دەکەن. هەردوو جۆری عیشق بوونی هەیە، بەڵام زۆرترینی ئەوانە دەگرێتەوە کە جەستە و جوانی دەکەنە بنەمای عیشق، بە پێچەوانەی ئەوانەی عیشقی خوایی دەکەنە بنەمای عیشق.

لەگەڵ عیشقدا دان بە خۆداگرتن و ئارامگرتن زیاد دەکات،(( ئەو دەمەی ئەوینداری گەیشتە چلە پۆپە، ترس ماڵ ئاوایی دەکات))(کارنگی، ١٩٩٩، ١٥). لە ناو تیمای عیشقدا سنوورێک بۆ جوگرافیا نامێنێت، ئەو سنوورەی کۆمەڵگە دروستی کردووە کۆتایی پێدێت.مانەوە لە پرۆسەکەدا پەیوەستە بە عیشقەوە، چونکە ئومێد بە ژیان دەبەخشێت و بەردەوامی دەکات، لەم بارەوە"تولستۆ" دەیووت: (( هیچ شتێک

نییە جگە لە خۆشەویستی کە وامان لێبکات ژیانمان ببەخشینە ئەوەی کە خۆشمان دەوێت))( شێخانی ٢٠٠٥: ٨).

ئەو مەودایەی کە عیشق لە دەروونی مرۆڤدا داگیری کردووە، بە ئارەزووی خۆی دێت و دەچێت، ئەمە وایکردووە کە تێمای عیشق لای نووسەران بە شێوەی جیاواز بخرێتەڕوو، هەر شاعیرێک جۆرێک لە تێما پێشەکەش بە خوێنەرانی دەکات کە خۆی ئەزموونی عیشقی تێدا هەبووە، یان ئەزموونی کەسێکی تر یا ئەفسانەیی یان فۆلکلۆر و میللی بێ، دەیکەنە شاکارێک و نموونەیەکی جوانی عیشق پێشکەش دەکەن. هەموو ئەم جیاوازیەش یەکە، هەموویان پێشەنگبوون دەدەنە ئەو بارە ناهەموارەی کە عاشق بەهۆی مەعشووقەوە بەسەریدا هاتووە. کەواتەعیشق((شۆڕشێکە، شۆڕشگێرەکانی لە دووکەس پێکاتوون)) (سیوەیلی٢٠٠٢ :٩٨). لە ڕێگەی ئەم پەیوەندییە تۆکمەیەوە عاشق دەگاتە پلەی کەماڵ.

عیشق لە دروستکردنی ئاکاری ئەدەبیدا ڕۆڵێکی کاریگەری هەبووە، لەم کارەدا کاریگەری جۆراو جۆری تێدا دۆزراوەتەوە، کاریگەری تەواوی لەسەر دەروونی مرۆڤەکان هەیە و هەبووە، وای لێدەکات هارمۆنیەتێکی تەواو لە هەست دا دروست بکات، هەروەها بە جۆرێک وادەکات کە دژبەری ڕق و کینە بوەستێت.وەک "عەتار" دەڵێت: ((عشق مغز کائنات آمده آم))( عەتار ١٣٨٣: ٢٨٠). واتە"عیشق عەقڵی گەردوونە"ئەم تێروانینە بۆ بیری زانایانی یۆنانی کۆن دەگەڕێتەوە،دەیان وت:((سەرچاوەی سروشتی جیهان فاکتەری یەکخستنی جیهانە لەم گەردوونەدا، دوو هێز هەیە، ئەوانیش ڕاکێشان و بەرپەرچ دانەوەیە))(ڕاگمونت،١٣٨٥، ١٨٤٦). جگە لەم تێروانینە" ئەبوحەسەن دیلمی" لە کتێبەکەی خۆیدا کە سەبارەت بە عیشق نووسراوە بە ناوی(ئەلف و ئەلف و لام مەعتوف)، لە زاری زانایانی یۆنانی کۆن دەیگوازێتەوە و دەڵێت:(( یەکەمین دروستکراوی نوور عەقڵە، ئەو یەکەمین شت کە بۆ ئەم جیهانەی دروست کرد، میهرەبانی بوو، پاشان لە موحیبەت جیهانی خوارەوەی دروست کرد))(دیلمی١٣٩٠ : ١٥١).

عیشق سۆزێکی مرۆڤانەیە، هەستێکە کە جێگای تێڕامان و گرنگی پێدانەکانی دەرون ناسانە، هەرچەندە چەندین نووسین سەبارەت بە عیشق نوسراوە، بەڵام تا ئێستا ڕازە شاراوەکانی ئاشکرانەکراوە، بۆیە ناسینی جەستە و دەروونی مرۆڤی عاشق دژوارە،(( بە درێژایی مێژوو، بە پلەپلەیی و سەبارەت بە گۆڕانکاری مرۆڤەکان، عیشق ئاڵۆزتر بووە، نەخشی بابەتی دەروونی قورستر و گرنگتر بووە)) (لپ١٣٧٠: ٣٤).

لەڕوانگەی دەرونییەوە بڕوانینە عیشق ئەوا "فرۆید" سەرچاوەی عیشق بە غەریزەی جنسی و ناهۆشیاری تاکەکەس دەبەستێتەوە.لەبەرامبەر ئەمەدا عیشق لە دیدگای(فرۆید)دا جەستەیی و هەوەسبازیانەیە، لەگەڵ قۆناغەکانی گەشەسەندنی غەریزەی جنسی مرۆڤ گۆڕانکاری بەسەردا دێت و پێشوازی لێدەکات، بەڵام "یۆنگ"((سەرچاوەی عیشق لە نموونەی ڕەسەن[١] و ناهۆشیاری دەستە جەمعییەوە دەبینێت، لە ئەنجامدا عیشق لای "یۆنگ" واتای فراوانتر و سەرووتری لە بابەتی غەریزەی جنسی و هەوەسبازی تاکەکەسدا دەبینێتەوە)) (شمشیری١٣٨٥ : ١٠١).

تێڕوانینی ئەفسانەی"یۆنگ"بۆ سەرچاوەی عیشق وێنای سەرەتایی ئەو پەیوەندیەیە کە مرۆڤەکانی پێشین لەگەڵ یەکتری دروستییان کردبوو، ئێمەش

١ Archetype

ئەو وێنە ڕەسەنە لە باوباپیرانمانەوە بە میرات وەردەگرین. لەسەر بنەمای ئەم تیۆرە و بەسوود وەرگرتن لە چۆنیەتی وەرگرتنی تێڕوانینی دانایانی کۆن سەبارەت بە چۆنیەتی دروستبونی مرۆڤ "یۆنگ" ئەوە دەسەپێنێت کە((پیاوان عاشقی ژنانێک دەبن لەگەڵ(ئەنیما)[٢]ی دەروونی ناهۆشیاری ئەواندا هاوئاهەنگی و هاوتەریبی هەیە، بە پێچەوانەوە ژنان ئەو پیاوانە سەرنجیان ڕادەکێشێت کە هاوتای ئەنیمای ناهۆشیارییان بێت))(شمشیری١٠١).

ئەم جۆرە عیشقە بە عیشقی"ئەفلاتوون"ی دەبەسترێتەوە، دەبێتە هۆی بەستنەوەی بە عیشقی عیرفانییەوە. ئەگەرچی زاروەی"ئەنیما"ناوێکە بەستراوەتەوە بە"یۆنگ"ەوە، بەڵام بوونیادی ئەم تیۆرە دەگەڕێتەوە بۆ باوەڕەکۆنەکانی یۆنان، کە لە نامەکانی ئەفلاتوون"دا ڕەنگی داوەتەوە، لەم نامەیەدا ئاماژەی بە دروستبوونی مرۆڤەکان کردووە، کە سەرەتا دوو ڕەگەزی (نێر-مێ)، دواتر دوو ڕەگەزی گۆڕاو دروست کراون، پاشان باس لەوە دەکات کە خاوەنی چوار دەست و پێ و یەک سەرو دوو دەمووچاو و دوو دەزگای زاوزێ بوونە، بەڵام مرۆڤەکان نیەتیان وابووە کە هێرشی سەر خواکانییان بکەن، بۆیە خواکان ئەوانیان کردووەتە دوو لەتەوە، تاوەکو بەندەکانییان زیاتربن و هەمیشە تامەزرۆی پارچەکەی تریان بن و بەخۆیانەوە مەشغوڵ بن. هەمان ململانێ و ئاراستەی دوولەت بوون ئافرێندرای دوو ڕەگەزی لەگەڵ یەکتریدا بنەمای ئەفسانەی عیشق بووە.(ئەفلاتون ١٣٣٣ :٤٥-٢٤١).

(یۆنگ) بە پشت بەستن بەم تیۆرەی ئەفسانەی نموونەی ڕەسەن و کۆن، توانی نموونەی "ئەنیما و ئەنیموس" دروستبکات و بیخاتە بەرباس. ئەمەش دڵنیایی ئەوە دەدات کە سەرەتای دەستپێکردنی هەر عیشقێک هەوڵ و کۆششی مەعشوق و عاشقە. عیشق هێزێکی کێشکردنی هەیە، بەردەوام هێرش دەکات.بە تەنهایی دروست نییە، چونکە عیشق لەگەڵ مەعشوق واتا دەبەخشێت و نرخی پێ دەدات.

ئەگەرچی عیشق جەبرە و ئیختیار نییە، بەڵام هەڵبژاردنی یەکێک لە نموونەکانی جەستەیی(ئەفلاتونی)و عیرفانی کەم و زۆر، ئاگایانە و بێ ئاگایانە بە شێوەیەکی گونجاو ڕوودەدات. یەکێک چێژ لەجەستە وەردەگرێت و یەکێکی تر دەیەوێت بگاتە فەزیلەت و عەقڵانیەت و مەعریفەت، هەروەها ئاشکراکردنی ڕاستی دەخوازێت، دژواری و نارەحەتی و سوتان و دروستکردن بە گیانی خۆی دەکرێتەوە.عیشق ئەگەر پەیوەست بوو بە ڕۆحەوە ئەوا خاوەنەکەی دەگەیەنێتە ڕادەی ئاسوودەیی ڕاستەقینە.

ئەریک فرۆم چەند شێوەیەکی بۆ عیشق دیاریکردوە، کە ناوی ناوە عیشقی درۆیینە، ئەم عیشقەش دابەشی سەر چەند بەشێک دەکات لەوانەش:(عیشقی گەورە) عیشقێکی کوێرانەیە ، لە کاتێدا تاکە کەس هەستی بەرپرسیارەتی خودی تێدا نییە، عیشقی(سۆزداری) مەعشوق لە پەیوەندییەکی خەیاڵیدا دەژیت، عیشقێکی تر باس دەکات کە قەتیس کردنی خۆشەویستییە لە چوارچێوەی زەمەندا، کە کاریگەرن بە ڕابردووی خۆشەویستییان.(فرۆم، ٢٠٠٠، ٨٩-٩٠). هەروەها دەڵێت: ((عیشق تەنها کاتێک مومکین دەبێت کە دوو کەس لە ناوەندی بوونەکەیانەوە بەیەکتریەوە ببەستێتەوە، دواتر ئەگەر هەردووکیان لە سەنتەری بوونی خۆیانەوە

---

[٢] Animaبەرجستە کردنی هەموو مەیلە دەروونییەکانی مێینەیە لە ڕۆحی پیاودا، وەکوو هەستو سۆز و مەزاجێکی ناڕوون و ئاشکراکردنی نێردراو و هەستیاری ناعەقڵانی و توانای خۆشەویستی کەسی و هەستکردن بەرامبەر بە سرووشت و دواجار بوونی پەیوەندی لەگەڵ نائاگادا، بەزۆری ئەنیما لە ژێر کاریگەری کەسایەتیدا دروووست دەبێت.

ژیان، ئەوا لەم ژیانە ناوەندیەدا تەنها راستەقینەیی مرۆڤ دەگرێتە خۆ. ئا لێرەدا بە تەنها ژیان، تەنها بناغەی خۆشەویستی دەگرێتە خۆی، هەروەها لێرەدا یەک بەڵگە بۆ عیشق هەیە، ئەویش بریتییە لە قوڵای پەیوەندیەکە و زیندووی و هێز لە هەر یەکێک لە کەسایەتییەکاندا. ئەمەش ئەو بەرهەمەیە کە خۆشەویستی بەهۆیەوە بەدیدێت))(فرۆم ٢٠٠٠: ٩٢).

عیشق لە ئەنجامی پێویستی رۆحی جەستەیی هەردوو رەگەزەوە دروست دەبێت، کە بەرجستەکردنی مەیلە دەروونییەکانە. لە لایەکی ترەوە هەوڵدانە بۆ گەیشتن بە پلەی کۆتایی، بەڵام کاتێک عاشق دەگاتە پلەی کۆتایی کەئەمەش گەیشتنە بە مەعشووق، ئەوکاتە هێزی ناوەوەی تێکدەشکێنێ و دەبێتە کەسێکی دێوانە و گیانێکی سارد."پاولوکۆیلۆ"ی بەرازیلی دەڵێت:(هیچ کەسێک ناتوانێت پێناسەی عیشق و خۆشەویستی بکات، هیچ کەسێک ناتوانێت عیشق بنۆشێت، چونکە عیشق شتێک نییە پێناسە بکرێت، و شەرابێک نییە بنۆشرێت)(حامد٢٠٠٤: ٢-٩).

عیشق ئەمانەتێکە تەنها مرۆڤ دەتوانێت ئەو ئەمانەتە هەڵبگرێت، لە حاڵەتێکدا کە ((بە گشتی کاهینە بەرزەکان بە دوای خۆشەویستییدا نەدەگەڕان، چونکە توانای هەڵگرتنی ئەو ئەمانەتەیان نەبووە)) (رازی١٣٧١ : ٤٥). عیشق وەسیلەیەکی پەیوەندییە لەگەڵ خودادا، بە تێڕوانینی "نەجم رازی" تا ئەوکاتەی کە مرۆڤ ئاوێتەی رۆحی خودایە ئەوا((هەم ئامرازی موحیبەت و بەندەیی بە کامڵی هەیە، هەروەها ئامرازی زانست و مەعریفەتی هەیە، تاوەکو باری ئەمانەتی پیاوانە وعاشقانە بە توندی و بەسیفەتی پیاوانە دەکێشن)) (رازی٤١). لەلایەکی ترەوە"عیزەددین نەسەفی"تێڕوانینی سەبارەت بە عیشق وەهایە، ئەگەر رازی عیشق تەنانەت دەروونی مرۆڤەکان بسووتێنێت نابێت ئاشکرا بکرێت((هەر کەسێک عاشق نەبووبێت، پاک نابێتەوە، و بە پاکی نەگەیشتووە، هەر کەسێکیش عاشق بووبێت و عیشقی خۆی ئاشکرا بکات ئەوا بەناشرینی دەمێنێتەوەو پاک نابێتەوە، لەولایەی کە ئاگرەکە لە رێگای چاوەکانییەوە بەدڵی گەیشتوە، لەرێگای زمانەوە دەریدەبرێت، ئەو دڵە نیوە سووتاوە لە ناوەڕاستی رێگاکەدا دەمێنێتەوە، ئیتر هیچ لەو دڵەوە نایات، نە کار دونیایی، نە کاریی دوایی و نەکاری دارایی)) (نەسەفی ١٣٧٧ : ١٦٣).

عیشق پڕە لە دەرد و ئازار، بەهەشتی عاریفانە، چوونکە دەرد و ئازار بۆ عاریفان شیرین و چێژ بەخشە، ئەمەش لە شیعرەکانی حەریریدا رەنگی داوەتەوە، لە جیاتی ئەوەی بەدوای چارەدا بگەڕێت دێت ئازارەکانی فەرامۆش دەکات و چێژی لێدەبینێت.

-بەشی دووەم

-تەوەرەی یەکەم

١- ئەزموونی شیعری حەریری:

شیعری کوردی پڕە لە پێناسە و ئاماژە و چیرۆکەکانی عیشق.کەم و زۆرلە عیشقدا خاوەن ئەزمونێکی رەسەن، سەروی مرۆڤ، و جیهانی تایبەتن.عیشق بیانوویەک بووە لای شاعیرانی کۆن تاوەکوو بێ هیچ شاراوەییەک، دوور لە سیستەمی نیشانەناسی و ئەوەی کە زمان فەرزی کردووە بتوانن گوزارشت لە هەستەکانیان بکەن.

سەبارەت بە پێشینەی عیشق لە ئەدەبیاتی کورمانجیدا بۆ سەدەی پێنجەمی زایین دەگەڕێتەوە، کە"عەلی حەریری"وەک سەرەتایەک دادەندرێت بە هۆی رەنگدانەوەی عیشق لە شیعرەکانیدا(٤٧١م.). هەروەها لەشیعرەکانی مەلای باتەییدا(٨٩٦م) ئەم

ڕەگەزە ڕەنگی داوەتەوە، دواتر مەلای (جزیری) دێت، لەدوای جزیری (ئەحمەدی خانی ١١١٩م) دێت، کە تیمای عیشق لە شیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە و بەرجستە بووە.ئاشنایی بۆ عیشق لەناو کورد دا لە بەرهەمە ئەدەبییەکاندا دەردەکەوێت، بە تایبەت لە شیعردا، لە شیعری کۆن تا دەگاتە شیعری هاوچەرخ.

"حەریری" یەکێکە لە شاعیرەکانی نێو ئەدەبیاتی کوردی/کورمانجی. عیشق بابەتێکی گرنگی دیوانە شیعرییەکەی(عەلی حەریری)ە، بە ووتنی شیعری دڵداری مەجازی کە ناوەڕۆکێکی دوونیایی هەیە و لەلایەکی ترەوە شیعرەکانی کە عیشقی ڕاستەقینەن ناوەڕۆکێکی عارفانەیان هەیە، حەریری لە هەردوو بوارەکەدا هەنگاوی ناوەوە و کاری تێدا کردووە. لە شیعرەکانیدا غەزەلی عاشقانە دیاردەکەوێت، تامەزرۆیی دەروونی حەریری لە ئەنجامی ووتنی غەزەلەکانیدا بە دیاردەکەوێت.

لە شیعرەکانیدا تیمای جیاوازتری پێشکەش کردووە، کە نیشانەی چەشەی عارفانە و دونیایی ئەوە، نابێت ئەوەش فەرامۆش بکرێت بەشێک لە شیعرەکانی" حەریری" ناوەڕۆکێکی سۆفیگەری هەیە، بە ڕوونی پەیرەوی عارفیەت دەکات، لە لایەکی ترەوە پەیڕەوی عیشقی دونیایی کردووە کە گوزارشتە لە وەسفی مەعشوق.

عەلی حەریری بەشێکی زۆری شیعرەکانی خۆی لە بابەتی عیشقدا دەبینێتەوە، عیشقێک بۆ باڵای مەعشوق وتراون، باس لە جەستەیەکی تەواوی بێ کەم و کوڕی دەکات کە لە زەین و هزریدایە.باس لە وەسڵ و فیراق و ئازار و تامەزرۆیی دەکات،جیهانێکی باڵا بەرجستە دەکات، ئەو پەیوەندییەی دروستی کردووە پەیوەندییەکی من و تۆییە، من (حەریری) یە و (تۆ)مەعشووقە، لەئەنجامی ئەم پەیوەندییەوە "حەریری" بە شێوەی دیالۆگی هەستی خۆی بۆ خۆشەویستەکەی بە شیعر دەردەبڕێت و نایباتەوە سەر عیشقی مەجازی وەک چۆن شاعیرانی کلاسیک ئەنجامییان دەدا، جا لەبەر هۆکاری پلەی ئاینی یا کۆمەڵایەتی یا هۆکاری تر.

-تەوەرەی دووەم

-شیعری عەلی حەریری و عیشق

عەلی حەریری لەناو مێژووی ئەدەبیاتی کوردیدا شوێنێکی دیاری هەیە، بۆتە جێگای گفتوگۆی زۆربەی لێکۆڵەرانی ئەدەبی، چوونکە بە یەکێک لە شاعیرە پێشینەکان دادەندرێت، هەروەها لەناو کەلەپوری نووسراوی کوردیدا شوێنی دیاری هەیە و ناو و بانگی لەبەرهەمەکانی خۆی زیاتر خۆی پیشان داوە.

حەریری هاوچەرخی مەلای جزیری و فەقێ تەیران بووە، واتە لە سەدەی ١٦ و سەرەتای سەدەی ١٧ی زایینی ژیاوە. لە شیعرەکانیدا چەند ناسناوێکی بەکار هێناوە، لەوانە((عەلی، عەلیۆ، حەریری، شێخ عەلی، عەلیێ صادق، سەیدا، حوسێنی))(جەباری ٢٠٢٠: ٥٤).

لە ڕووی زمانی شیعرییەوە زمانی شیعری حەریری هاوشێوەی شێوەزاری (سورچییە)، ئەوانەی کە لە نێوان قەزای شەقڵاوە و قەزای حەریردا دەژین، هەروەها لە سنووری ئاکرێدا هەمان عەشیرەت بوونییان هەیە.(دێرەشی٢٠٠٥: ٢٢٧). بەڵام (قەناتی کوردۆ) لە کتێبەکەی بە ناوی(تاریخ ادبیات کردی) کە بەزمانی فارسی نووسیویەتی دەڵێت:

(عەلی حەریری لە ساڵی ٤٠٠هیجری (١٠٠٩-١٠١٠م) لە گوندی حەریرەی سەر بە ناوچەی شەمزینانی پارێزگای هەکاری لەدایک بووە.

لەساڵی چوارسەد و حەفتای هیجری(١٠٧٨م)لە حەریرە گیانی سپاردووە و لەوێ نێژراوە)(کوردۆ ١٣٩٤:٦٤).

شیعرەکانی "حەریری" دابەش دەبێتە سەر دوو جۆرە عیشق:

١- عیشقی حەقیقی:

لە ئەندێشەی عارفاندا، بە تایبەت دەستەی یەکەمی عارفان واتە پێشینەکان دژیەکی و کەلێنێکی قوڵ لە نێوان عیشقی حەقیقی و مەجازیدا بوونی هەیە، ئەوان وایان گومان دەبرد کە(( عیشقی مەجازی بە تەواوی دژ یەکی عیشقی حەقیقییە، چونکە ئیرەیی لە تایبەتمەندیی عیشقە، مەعشوقی راستەقینەش ئیرەیی دەبات و بەرگەی ئەوە ناگرێت کە دڵی خۆشەویستەکەی لەسەر خۆشەویستی کەسێکی تردا جێگیر بێت)) (همدانی١٣٧٠ : ١٠-١١). ئەم جۆرە عیشقە وەکوو هاوبەشی دروستکردن و کوفر وایە، چونکە لە ناو عیشقی خوداییدا هەرگیز عیشقی مرۆڤ وەکوو باڵندە ناتوانێت هەڵبفرێت، چونکە ئەگەر عیشقی خودا هاوتاکرا بە عیشقی زەمینی ئەوکات هیچ واتایەک بۆ عیشقی حەقیقی نامێنێتەوە و گەیشتن بە پلەی کەماڵ ڕوو نادات.

حەریری عیشقی مەجازی بە هەمان واقیعیەتی خودایی دەبینێت، بە ڕەهایی باسیکردووە، تاوەکوو هاوتابێت لەگەڵ وێنەی عیشقی خودایی، لە ڕوانگە ئاینی و سۆفیگەریەکەیەوە باس لە عیشق و ئەو پەیوەندییە دەکات کە لە نێوان دوو کەسدا دروست دەبێت، ئەویش پەیوەندییەکی(من و ئەو)یە.

(حەریری) دوو شیعری هەیە گوزارشتە لە عیشقی حەقیقی، دەبێتە بەشێک لە عەقیدەی ئایینی، چونکە عاشق بوون و دەربڕینی هەستی خۆشەویستی بۆ پێغەمبەر سەلامی خوای لەسەر بێت ڕێگە پێدراوە، ئەمە وای کردووە ببێتە بابەتێکی گرنگ لە ناو شیعری کوردیدا، هەروەها ببێتە بەشێک لە کۆڕی زیکری دەروێشان و سۆفییەکان، ئەم عیشقەش لە تێمای شیعری(حەریری)دا ڕەنگی داوەتەوە و خۆشەویستییەکی بێ پایانی بۆی هەیە، هەروەها ڕەنگدانەوەی تەجەلیاتی سۆفیگەراییە بۆ خۆشەویستی پێغەمبەر سەلامی خوای لەسەربێت. چەمکی ڕەنگدانەوەی خۆشەویستی هەرەگەورە پەیوەستە بە عەقیدەی سۆفیگەراییەوە، کە هۆکارێکە بۆ نوری خودایی، دەڵێت:

مەحبوبێ دەستێ خالقی
سوڵطان موحەممەد موصطەفا
مەعشووقێ عشقێ عاشقی
سوڵطان موحەممەد موصطەفا. (قەرەداغی ٢٠٠٢ ٣٦٠-٣٦١).

لەم عیشقەدا "عاشق" "مەعشوق"ی لە پێناو خۆی و ئەودا خۆش دەوێت، بە پێچەوانەی عیشقی سروشتیە کەسی یەکەم تەنها داواکاری خۆی هەیە. لێرەدا عاشق دەزانێت عیشقی حەقیقی چییە، عاشق کێیە، مەعشوق کێیە و چی دەوێت، دەڵێت:

ئەی سوڵتان و سەروەری ئێمە تۆ"مەحبوبێکی"بە دەستی خودا ئافرێندراوی، تۆ ئەو مەحبووبەی کە هەر عاشقێک دەیەوێت عیشقی خۆی بۆت پێشکەش بکات.عیشق لێرەدا بێبەرامبەرە، راستەقینەیە، عیشقێکە مەعشووق ئامادەی هەموو قوربانییەکە بۆ مەعشوقەکەی.

بستە ژ حەق داخواز دکا
(از عشق او پرواز)دکا
گەهـ گەهـ نیاز گەهـ ناز دکا
سوڵطان موحەممەد موصطەفا.(قەرەداغی ٣٦٠-٣٦١).

لەم عیشقەدا جەستە هیچ ڕۆڵیکی نییە، بەڵکوو

لەسەر بنەمای گرینگی پێدانی نێوان عاشق` و مەعشوق دروست دەبێت.(حەریری)پەیوەندی نێوان خوای گەورە و پێغەمبەر سەلامی خوای لەسەر بێت دەخاتە ڕوو، کە خۆشەویستییەکی گەورە لە نێوانیاندا بوونی هەیە، هەرچی داوا بکات ڕەدبوونەوەی نییە. ئەم عیشقە بە جۆرێکە کە دەبێتە پەیوەندییەکی رۆحی لە نێوانیاندا، چونکە پەیوەندییەکە (من و ئەو) ییە، ئەویک مرۆڤێکی خاوەن پلەی تایبەتە.

یا وەک یەقین فرئاشیٚ تو
خوەش یار و خوەش ئۆلداشی تۆ
روحیٚ عەلی شاباشیٚ تو
سوڵطان موحەممەد موصطەفا. (قەرەداغی ٣٦٠-٣٦١).

عەلی حەریری لەبەر ئەو عیشقەی بۆ پێغەمبەری هەیە سەلامی خوای لەسەر بێت ئامادەیە رۆحی خۆی پێشکەشی بکات.وشەی(فرئاشیٚ تو)بە چەندین واتا دێت لەوانەش( گسکی دەستی، نۆکەر، بەندە، خزمەتکار) یاخود بە کەسێک دەڵێن کە نەسەبی فرئاشیٚ یە) جگە لەمە بە واتای(باوک) دێت، حەریری دەڵێت: من دڵنیام تۆ وەکو باوکێکی میهرەبان و دڵسۆزی بۆ ئێمە، چونکە سۆز و میهرەبانییەکی زۆرت هەیە، ڕۆحم شاباشت بێ و خەڵاتت بێت ئەی سوڵتانی من.

لە شیعری( ئەی عەلیۆ)بە جۆرێکی تر ئەو عیشقە دەخاتە ڕوو، چەند واتایەکی جیاوازی بۆ دەهێنێتەوە وەکو( سوتانی دڵ و جەرگ)کە بە هۆی عیشقەوە ئەم سوتانە ڕوویداوە.لەلایەکی دیکەوە لەبەرئەوەی نوری پێغەمبەر(مەحەممەد موستەفا) بەدەرکەوت بە خۆی دەڵێت: (( یالیتنی کنت تراب)).

ئەی عەلیۆ مالک خراب
جەرگ و دلم بونە کەباب
یا لیتنی کنت تراب
نورها موحمەد بو ئیجاب. ( دێرەشی٢٠٠٢ : ٣٧٣).

عیشق مەقامێکی ئیلاهیە، هۆکاری بوونی جیهانە، بێ عیشق هیچ جوڵەیەک لە جیهان دروست نابێت، ئەمەش وای کردووە عەلی حەریری درک بە گرینگی عیشق بکات و بڵێت:

هەموو ڕووناکیەکان لە ئاست نوری پێغەمبەر سەلامی خوای لەسەر بێت کز و باش نین، ئەمەبۆتە هۆی ئەوەی کە پێی خۆش بووە مرۆڤ نەبوایە، تاوەکو ئازارەکانی عیشق دووچاری بەڵای نەکەن.

٢- عیشقی مەجازی:

عیشقی مەجازی لە ژیانی عیرفانیەتدا ڕوو دەدات و کاریگەریەکی تایبەتی هەیە، ئەم جۆرە عیشقە لە ژیانی هەندێک گەورە عارفاندا بونی هەبووە. نموونەی ئەم جۆرە عیشقە زولێخا و حەزرەتی یوسفە، شیفتەی حەزرەتی یوسف بوو. ئەنجامی ئەم جۆرە عیشقە دەکرێت وەها وەسف بکرێت کە(( عیشقی مەجازی هۆکارەکەی عیشقی خودایە))(مستملی بخاری ١٣٦٣: ٨٩-٩٠) یان دەکرێت بوترێت؛ سەرچاوەی عیشق دڵە نەک عەقڵ،(( عیشق لەسەر سۆز و عاتیفە وەستاوە کە ئەوانیش دوو فرمانن لە دڵەوە دەردەچن و زۆرجار وا لە مرۆ دەکەن گەشبین بێت کاتێک بە ئامانجەکەی دەگات یا ڕەشبین بێت کاتێک لە عیشقدا شکست دەخوات))(جەباری، dengekan.info). لەلایەکی دیکەوە عیشقی مرۆڤانەیی هۆکارێکە بۆ چوونە ناو گۆڕەپانی عیرفانیەوە.

ئەم شێوە عیشقەش لەلای(حەریری)خۆی لە چەند بوارێکدا دەبینێتەوە، هەروەها تێمای جیاواز لە خۆی دەگرێت، ئەوانیش بریتیین لە:

١- ٢-خەیاڵ لای مەعشوق:

عیشق خۆی لە دوو ڕەگەزی وەسڵ و فیراقدا دەبینێتەوە، ئازاری ڕۆح و بەرەکەتی بەیەک گەیشتن وای کردووە(حەریری) هەموو کات فیکر و هۆشی لای مەعشوقەکەی بێت، بە جۆرێک چاوەڕێی دەکات کە هاتنی ئەو بە مێوانی دەبێتە کەفارەت بۆی، لێرەدا وشەی"کەفارەت"ی گوناهی بۆ کەفارەتی عیشق بەکار هێناوە.مزگێنی گەیشتنی هەواڵی عیشق ئەو خەیاڵەیە کە بەردەوام حەریری لە چاوەڕوانی ئەودا دەهێڵێتەوە، تا بە مەعشوقەکەی بگات.

دلێ مەحزوون کەفارەت بیت
کە ئیمشەب تازە مهمان تیت
ب مزگینی بشارەت بیت
کە مهمان جانێ جانان تیت.(دوسکی٢٠٢٠: ٣٧).

بە هاوسەنگیەکی تەواوەوە، دوور لە لەنگی بە ئاوازێکی تەواو لە پاڵ شێوە ڕەوانبێژیەکەوە، لەپاڵ سەنعەتێکی هونەری باڵادەستدا بە تایبەتمەندی کەسی(حەریری) تێمای عیشقی تێکەڵ بە گوتاری ئاینی کردووە، ووشەی (کەفارەت کە زاراوەیەکی شەرعییە بۆ لابردنی گوناە و تاوان بەکاردێت، بە جۆرێکی تر واتاکەی دەگۆڕێت و بۆ مەبەستێکی تر بەکاری دەهێنێت، ووشەی(بەشارەت)لە بەرامبەر(مزگێنی)بەکاردەهێنێت کە هاوواتای (مزگێنیە).

دلێ مەحزوون بە هاتنی یار کەفارەتی دەکەوێت و ئەو خەیاڵە بەردەوامەی کە هەیەتی بۆمەعشووق لە غەمبارییەوە دەگۆڕێت بۆ دڵخۆشی.

کە مهمان جانێ جانانە
ل سەر چەشمێ مە مهمانە
ب مالا جوملەئێ خانە
کە شاهێ جوملەئێ خان تیت. (دوسکی، ٣٧).

وشەی"مهمان"بەواتای مێوان دەدات،دەرخەری ئەوەیە کە(حەریری)هەموو کات چاوەڕوانی مەعشووقەکەیەتی، ئەم تامەزرۆییە وای لێدەکات بڵێت: ئەی یار لەسەر چاوی خۆمت دادەنێم. هاتنی یار وەکو ئەوەیە کە هەرچی خان و سوڵتانی دوونیایە لای ئەم مێوان بن.ئەم جۆرە دیالۆگە لەگەڵ "یار" لە ئەنجامی چاوەڕوانی زۆرەوە دروست دەبێت، بۆیە بە سوڵتان و خانی خانان دەیچوێنێت.

وەرە ئەی شاهیدی شیرین
ژ عیشقا تە دل ئێخسیرین
ب جان مەنزلگەهێ میرین
طەلەبکارن کە سوڵتان تێت. (دوسکی٣٧).

"شاهیدی شیرین" یارە، دڵی حەریری ئەسیری عیشقە، تێمای شیعرەکە بە جۆرێک دەگۆڕێت، کە ڕەنگاڵەیی دەبەخشێتە شیعرەکەی. حەریری لەسەر کلێشەی شیعری دەڕوات و بیر لە هاوسەنگی دەکاتەوە، بۆیە لێرەدا جگە لە سوڵتان و خان، مەعشوق دەکاتە میر، لە بری ئەوەی کە لەسەر چاوی دابنێت، دەیخاتە ناو رۆحی، شوناسێکی تایبەتی پێ دەبەخشێت، دەڵێت: شوێنی تۆ لە ناو ڕۆحمدایە، کە پلەی لە دڵیدا بەرزتر دەبێتەوە.

٢- ٢-بێ قەراری لە عیشق:

لە بێقەراری عیشقدا "حەریری" زیاتر وشەی"سوتان"بەکاردەهێنێت،ئەم زاراوەیەش لە ناو ئەدەبیاتی عیرفانیدا زۆر بەربڵاوە. لە شیعری کلاسیکیدا بە تایبەت عیرفانیدا وشەی"سوتان" ئاماژەیە بۆ ئەو بارودۆخە سەختەی کە عاشق دەکەوێتە ناوی، دوای چوونە ناوەوەی عیشق بۆ ناو دڵی عاشق، ئەوا حاڵەتی دەروونی و رۆحی گۆڕانکاری بەسەردا دێت و سەرتاپای ژیانی ئاوەژوو دەبێتەوە.(( کەسی ئەویندار گرتیبەربویەکی کلپەدارە و تامەزرۆی ئاوێکی ڕەحمەتی دیدارە، لەفەرهەنگی

زاراوەی سۆفیزمدا ئاماژەیە بۆ تاوسەندنی ئەوینی خودایی، هەروەها گڕ و بڵێسەی خودایە لە دڵی سالیکدا))(کەسنەزانی و بەرزنجی ٢٠٢٤: ١١٦).لەم بارەوە(حەریری)ئەم جۆرە هەستە ئاشکرا دەکات و دەڵێت:

ئەز پێم نەما سەبر و قەرار
دیسان لە دەستافیرقەتێ
لۆمەم مەکەن ئەغیار و یار
سوتام بە ئالا غوربەتێ.(حەریری٢٠٢٥: ٤٧).

دەستەواژەکانی"سەبر، قەرار، فیرقەت، سوتان"هەموو ئاماژەن بۆ بێقەراری عیشق لای حەریری، کاریگەری جیاوازی لەسەر دەروونی هەبووە، ئارامی و ئاسوودەیی لێبڕیوە، ئەم دەستەواژانە لەسەر عیشقێکی فیکری خۆی دەخەملێنێت، لەم نێوەندەدا بەردەوام دەبێت و دەڵێت:

سوتان بە ئالا دووریێ
لە حەسرەتا وێ حۆریێ
قەد سووسنا بن گوریێ
لە بیرناچێ یەک ساعەتێ.(حەریری ٤٧).

عیشق لە دڵەوە پەیدا دەبێت، لەسەر هەست و سۆز وەستاوە، ئەم سەرو ئەوسەری دیار نییە، بۆیە عاشق لە ئەنجامی دابڕان لە مەعشووق و تامەزرۆیی و دیداری بۆی، بەردەوام شەیدای دیدارە، ئۆقرەی لەبەربڕاوە بۆ مەعشوق، خەیاڵی مەعشووق هەموو کات لەبەر چاویەتی و مۆڵەتی پێنادات دەروونی ئۆقرە بگرێت.

لە دووری و لە حەسرەتی مەعشوق (حەریری) بێقەراری باڵی بەسەر دەروونیدا کێشاوە، بەجۆرێک وای لێکردووە هیچ کات لەبیری نەکات.

سۆتیمە ئیرۆ برشتم
ئاگرێ عەشقاتە کوشتم
ڕەمز و نازان دام ژدل
جەرگ و دل ب کۆڤان و کول.(حەریری ٢٢).

حەریری عیشقی بە ئاگر چواندوە، وێنەیەکی ڕەوانبێژی دروستکردووە.گفتوگۆ لەگەڵ مەعشوق دەکات بە گشتی دەڵێت: ئەمڕۆ من سوتاوم و هێز و توانام نەماوە، چونکە ئەی دلبەر تۆ بە نازی خۆت دڵمت پێکاوە، هەروەها دەڵێت: ئاگری عەشقی تۆ کوشتومی و دڵ وجەرگم پڕبوونە لە خەم و خەفەت.

٣- ٢-گرنگی نەدان بە عاشق:

لەم جۆرە عیشقەدا مەعشووق زۆر گرنگی بە عاشق نادات و لە عیشقەکەی ناپرسێت، بە لایەوە گرنگ نییە کە لەچ بارودۆخێکدایە.پێویستی عاشق و مەعشووق بوونەتە دوو دژی بەرامبەر بەیەکتری، ئەمەش هۆکارەکەی یارە نەک شاعیر. هەرچەندە دەیەوێت ئەوە بڵێت کە چەند پێویستی پێەتی و چەندە بۆی پەرێشانە، بەڵام مەعشووق لای لێ ناکاتەوە و بە لایەوە گرنگ نییە، چونکە مەعشووق خاوەنی پلە و پایە، و عیزەتە، و پلەی بەرزە،لە ڕووی خۆبەگەورە زانینەوە مۆڵەتی ئەوە نادات کە گرنگی بە عاشق بدات و فەرامۆشی دەکات.

سیا زولفێ تو ناترسی
ژ ئەحوالێ مە ناپرسی
موبارەک بیت تە ئەو کورسی
تو ڕوونی گوهـ دە عەبدالان. (ئامێدی،١٩٨: ٢٣٤-٢٣٥).

حەریری دیالۆگ لەگەڵ مەعشوقەکەی دەکات، پێی دەڵێت: چۆن لە خوای گەورە ناترسی؟ هیچ لە هەواڵی من ناپرسی؟ مەعشوق بە لایەوە گرنگ نییە کە حاڵی حەریری چۆنە و چی لێهاتووە. ئەم خۆ خۆشویستنە دەچێتە خانەی خۆویستیەوە. تەنانەت دەگاتە ئەو ڕادەیەی کە سوێند دەخوات

و لە مەعشوق جیانابێتەوە، خۆی تەواو زەلیل دەکات و بە زەبوونی خۆی نیشان دەدات تەنها بۆ ئەوەی ببێتە جێی سەرنجی مەعشووقەکەی ودەست بەرداری نەبێت. کاتێک بە زوڵف ڕەش ناوی دەهێنێت، ڕەنگی ڕەش دەبەستێتەوە بە خەم و دڵتەنگی بۆ حەریری خۆی، دەکرێت بۆ مەعشوق بڕوا بەخۆبوون و حیساب بۆ نەکردن و کەشخەیی و توانا و دەسەڵات بێت.

وەکی قەقنەس بێ پەروا بم
دخۆم صەد سوند جودا نابم
حەزینم ئەز قەط تێر نابم
ژ دیدارا خەط و خالان.(ئامێدی، ٢٣٤-٢٣٥).

مەعشوق کەسێکە کە عەوداڵ و شیفتەی ئەوە، دڵی پێ دەبەخشێت،لە پێناو گەیشتن بە ئەو گیانی خۆی بەخت دەکات. لە ڕاستیدا ئەوە مەعشووقە کە دڵی عاشق بۆ خۆی دەبا و هۆگری خۆی دەکات،وای لێدەکات هەموو کات بیری لای بێت و گرفتاری دەردی عیشقی بکات.

٤-٢-کۆتایی نەهاتنی سەختییەکانی عیشق:

کێشە و نەهامەتی عیشق هەرگیز کۆتایی نایات، لەم ڕێگەیەدا سەختی زۆر دەچێژێ، دەروونی دەشێوێنێ، ئەم تێکچوونە دەرونییە دەبێتە بەشێک لە سەختی عیشق کە ئازارەکەی "حەریری" دەیچێژێت و دەبێتە بەشێکی دانەبڕاوە لە ژیانی. ((ئەم سەختیانە بەشێکن لە ڕەفتاری عیشق، عاشق لەم ڕێگایەدا حەتمەن لەگەڵیاندا ڕووبەڕوو دەبێتەوە. عاشق لەم ڕێگەیەدا گرفتاری بارودۆخێکی سەخت دەبێتەوە،هیچ ئومێدێک و فریاد ڕەسێک ناتوانێت بە هانایەوە بێت)) (میر قادری ١٣٨٤ : ١٧٦).

حەریری دەڵێت:

گەلۆ دلبەر وەبیر نایێ
ئەسیرەک وێ د زندانێ
نزانی کەس ب وێ حالێ
ضەعیفم ئەزل هجرانێ.(دێرەشی ٢٠٠٥:٢٢٤-٢٣١).

حەریری ڕووبەڕووی باردۆخێکی سەختی دەروونی بۆتەوە، لاواز، بێدەسەڵات، لار و وێڵ. لە لایەکی ترەوە خەم وەکو سەربازێک لە مەیدانی عیشقدا ڕووبەڕووی بۆتەوە ، لەوپەڕی بێدەسەڵاتیدا خۆی دەبینێتەوە و داوای دیداری یارەکەی دەکات.

٥-٢-بێدەسەڵاتی لە عیشق:

عاشق بوون لە دەسەڵاتی مرۆڤدا نییە، بێ ویستی خۆی دەچێتە ناو دڵ و دەروونیەوە، وای لێدەکات کە لە بەرامبەر عیشقدا بێدەسەڵات بێت. ئەمە(( عیشقە کە وەک سوڵتانێکی داپلۆسێنەر دڵی عاشق داگیر دەکات، عاشقیش دەسەڵاتی هەڵبژاردن و قبوڵکردنی نییە، لەبەرامبەردا عیشق بە بابەتێکی سروشتی دادەندرێت کە پەیوەندی بە هەڵبژاردنی مرۆڤەکانەوە نییە))(بەختیاری ١٣٥٠ :١٧٣).

لەم بارەوە حەریری دەڵێت:

گەر هون ببینن نارێ عیشق
تێن و لەبۆم زاری دکەن
گەر کەشف ببی ئەحوالێ عیشق
بەخیل و دژواری دکەن.( خەزنەدار٢٠٠٢: ١٦٣).

مرۆڤ لەو حاڵەتەدا دەستە وەستانە لەبەرامبەر عیشقدا، جەبرە و بەسەریدا سەپێنراوە، هەرچەندە هەوڵی خۆی بدات و بیەوێت خۆی لێ بپارێزێت، لە فرسەتێکدا خۆی دەکات بە ناو دەروونی مرۆڤەکاندا و بەرەو لای خۆی پەل کێشی دەکات بە بێ ئەوەی دەسەڵاتی هەبێت و بیەوێت کۆنترۆڵی بکات، چونکە بابەتەکە پەیوەندی بە ئەنیمای مرۆڤەوە هەیە،حاڵەتێکی دەروونییە، مرۆڤەکان پێویستییان بە نیوە بزرەکەیان هەیە کە تەواوکەری لایەنی ڕۆحی

و جەستەییانە.

هۆشم چوین مایم نە هۆش
ئەز دەم ب دەم لەو تێمە جۆش
میران قەوی ذەوق و خرۆش
پیشەنی خوندکاری دکەن .(خەزنەدار ١٦٣).

حەریری نە هۆشی ماوە نە ئارامی، لەبەر بێهۆشییە دڵ و دەروونی هاتۆتە جۆش، ئەم بێ دەسەڵاتییە بەجۆرێکە کە دڵ و دەروونی ئارامی لێبڕاوە و گەیشتۆتە ڕادەی کوڵان، عیشق بە جۆرێک دەروونی گەرم کردووە کە سات بەسات لە ناوەوە دەکوڵێت، لە ئاست عیشق مەعشوق دەستە وەستانە.

٦-٢-عیشق و ئارامی:

ئارامی بابەتێکی ڕەوشتی و ئاینییە، پەیوەستە بە خورەوشتی مرۆڤەکانەوە، بۆتە جێگەی بایەخی تاک و کۆمەڵگە، هەموو کات لە لایەنی خەڵکەوە پێشوازی لێوە دەکرێت و داوا دەکرێت، ئەمەش بە هۆی ئەو تایبەتمەندیانەی کە هەیەتی.عاشق کاتێک کە ئارامی لە مەعشووق دەگرێت، بەرگەی هەموو سەختییەکانیشی دەگرێت، پلەی زیاتر بەرزتر دەکاتەوە و خۆشەویستی بۆی چەندان دەبێتەوە. حەریری ئەم ئارام گرتنەی لە شیعرەکانیدا بەیان کردووە و بۆتە بەشێکی دانەبڕاوە لە تێکستە شیعریەکانیدا.

ئەی بولبولێ حەیران
ئەم هەردوو لێک عاشقترین
بانگا خودێ ڕۆژێ ئەلەست
هەردوو ل عشقێ ئافرین.( عبیداللە ١١٩٧: ٣٩).

ئەم ئارامییە بە ڕوونی لای "حەریری"هەستی پێدەکرێت. کاتێک کە یار بە بولبول دەچوێنێ و دوو عاشق کە هەست بە ئارامی دەکەن لەپاڵ یەکتری ئەمە ئەوپەڕی ئارامییە لای شاعیر.یان کە دەڵێت:

لەو کاتەوەی کە خوای گەورە فەرمووی( الست بربکم) ئێمەی وەکو دوو عاشق خەڵق کرد.

ئەول کەس و کارێ من توی
یەقین فریاد رەسێ من توی
کەسێ من وبەسێ من توی
ل زێڕ و مال و پەرتالا.(ئامێدی،١٩٨: ٢٣٤-٢٣٥ ).

لێرەدا ئارامی لە عیشقدا بە واتای گەیشتن بە حاڵەتی دڵنیابوونەوە و ئارام بوونەوە دێت لە ئەنجامی بوونی لەگەڵ مەعشووق یا بیرکردنەوە لە مەعشوق. ئەمەش دەبێتە هۆی هەستکردن بە ئاسایش و متمانە و ئاڵوگۆڕکردنی متمانە لەگەڵ یەکتریدا.ئارامی لە عیشقدا بە واتای نەبوونی کێشە نییە، بەڵکوو واتای مامەڵە کردنە لەگەڵ بارودۆخەکە بە عاقڵانە و خۆ گونجاندن لەگەڵیدا. ئەمەش ئەو هەستەیە کە کەسێک هەیە لێت تێدەگات و پاڵپشتیت دەکات بە بێ ئەوەی نواندن بکەیت.

٧- ٢-سوتان لە عیشقدا:

سوتان لەناو عیشقدا ئەزموونێکە کە جەستە و ڕۆح شەکەت دەکات، بەڵام لێرەدا سوتان تەنها ئازارێک نییە، بەڵکوو بریتییە لە حاڵەتی گواستنەوە، لە کاتێدا کە عیشق دەبێتە هێزێکی ئالوودە،ڕۆح پاک دەکاتەوە و مرۆڤ وا لێدەکات کە زیاتر لە واتای عیشق و بوونی تێبگات.

سوتان لە عیشقدا وشەیەکە بەشێوەی مەجازی لە ناو شیعردا بەکاردێت، بە مەبەستی گوزارشت کردن لە هەست و سۆز بۆ یەکتری."حەریری" بیرۆکەی "سوتان"ی بەکارهێناوە لە ئەنجامی شەوق و سوتانی دەرونییەوە بۆ مەعشووق، بە هۆکاری خۆشەویستیشەوە ئەم وشەیەی بەکارهێناوە، لەسەر ئەم ئاستە لە نێوان هەست و سۆز و ئازاری سوتاندا خۆی ڕێک خستووە.

دیسا لە عیشقا دلبەرێ
سەرتا قەدەم سوتام بە نار
چاو مامزێ گەردەن زەرێ
ستاند لەمن سەبر و قەرار.(دزەیی ١٩٨٥: ٣٣).

حەریری لە عیشقی یاردا سەراتاپای سوتاوە لەئاگردا، گڕی عیشق ئەوەندە گەرمە ئارامی لێ نەهێشتووە، جەستەی شەکەت بووە، ماندووبووە بەهۆی گڕی عیشقەوە.

جەننەتو نەعیمیش بێتە جا
شوبهی سەعیرە پڕ لە نار.(دزەیی ٣٣).

"حەریری" هێندە ئازاری چەشتووە هاتووە "بەهەشتی بە جەهەنەم چواندووە. ئەگەر یار لە لای نەبێت ئەوا بەهەشتیش بۆ شاعیر جەهەنەمە.

لە عیشقدا ئەم وشەی"سوتان"ئاماژەیە بۆ جیابوونەوە، ململانێی ناوەخۆیی لەنێوان دوو مەعشووقدا، کە ئەمەش بەشێکە لە ئەزموونێکی قوڵ و ڕاستگۆیانە.ئەم تێمەی سوتانە وەکو زارەوەی(سوتان بە ئاگری عیشقە) کە حەریری بەکاری هێناوە.

جگە لەمە فیراق و دابڕان بەشێکن لە تێمای ناو شیعری کلاسیکی کوردی و بابەتی عیرفانیەت. ئەم دوو زاراوەیە بە ئاگر و دۆزەخ چوێندراوە، لە لایەکی ترەوە دابڕن و جیابوونەوە(( لە عیرفاندا بە چەندین مەبەستی جیاواز هاتووە،یەکێک لە ماناکانی ئەوەیە کە ڕۆحی مرۆڤ بە هۆی چوونە جەستەی ئادەمەوە، لە زاتی خودای بەرزە جێ دابڕا، ئەو ڕۆحە دەمێن و نەفسی خودا بوو، بە چوونە ناو زیندانی جەستەوە لە ڕەچەڵەکی خۆی دابڕا)) (کەسنەزانی و بەرزنجی ٢٠٢٤: ٧٩٦).جیابوونەوە و دابڕان بە گشتی و ئەو کەسانەی هەموو ژیانیان بۆ خودا تەرخان کردووە هەستی پێدەکەن، هەوڵی ڕزگار بوون لە زیندانی جەستە دەدەن و هەموو هەوڵێک دەدەن دووبارە بگەڕێنەوە بۆ لای خوای گەورە، ئەمەش ئارامییەکیان پێ دەبەخشێتەوە.

حەریری لەم بارەوە دەڵێت:

شوبهی سەعیر پڕ ئاگرە
دۆزەخ گەلەک لەو چاترە
ناری فیراق دژوارترە
جان و جگەر یێک هاتنە خوار.(کەسنەزانی و بەرزنجی ٣٣).

واتە؛ دڵ و دەروونم و ڕۆحم وەکوو ئاگری دۆزەخ وایە، بەڵکوو زۆر جار دۆزەخ زۆر لەم ئاگرەی دەروونم باشترە.ئاگری فیراق کە جیابوونەوەیە زۆر لە ئاگری دۆزەخ دژوارترە،وایکردووە گیان و جگەرم یەک یەکە بێتە خوارەوە. تێمەی فیراق بۆتە بابەتی سەرەکی شیعرەکە و ئاوازێکی مۆسیقی بە ریتمی شیعرەکە بەخشیوە.

لە شیعرێکی تردا بەم جۆرە سەبارەت بە عیشق دەدوێت و دەڵێت:

گەر هوون ببینن نارێ عیشق
تێن و ل بۆمن زاری دکەن
هەر کەس دزانیت حالێ عیشق
بەخیل و دژواری دکەن.(خەزنەدار٢٠٠٢: ١٦٣).

ئەگەر ئێوە ئاگری ئەو عیشقەی من ببینن و پێی بزانن کە چ سوتانێکی تیدایە، هەمووتان گریانتان بۆم دێت.ئەگەر بێت و حاڵ و نهێنی عیشق بۆ ئێوەش ئاشکرا بێت وەکو چۆن بۆ من ئاشکرا بووە ئەوکات ئێوەش وەکو من چرووک و دژوار دەبن.ئاشکرابوونی نهێنی عیشق وا لەمرۆڤ دەکات کە چرووک بێت و مەعشووق تەنها بۆ ئەو بێت، کەسی تر نەتوانێت نزیکی بکەوێت هەتا ئەگەر بۆ یەکتریش نەبوون. توندبوون و دژواری حەریری بۆ مەعشووق زیاتر دەبێت و دەڵێت:

سۆتیمە ئیرۆ برشتم
رەمز و نازان دام ژ دل
ئاگرێ عیشقا تە کوشتم
جەرگ و دل ب کۆڤان وکول.( جەباری٢٢:٢٠٢٥).

سـوتـانـی عـیـشـق هـۆشـی بـە"حـەریـری"نـەهـێـشـتـووە،تـەنـانـەت ئـاگـری خۆشەویستییەکەی ئەوەندە زۆرە گەیاندۆیەتیە حاڵەتی مەرگ، مەرگێکی مەجازی کە هۆکارەکەی عیشقە، ئەمەش بە واتای ئازار چەشتنێکی زۆرە، کاریگەری لـەسـەر هـەمـوو جەستە و دەروونـی کردووە.

٨-٢- وەسفی یار:

یـەکـێـک لـەو بـنـەمـایـانـەی دەبـێـتـە هـۆی روونکردنەوەی لایەنە شاراوەکانی کەسایەتی لە ناو دەقدا وەسفە،جا دەقێکی شیعری بێت یا پەخشانی. هەروەها بریتیە لە ڕوونکردنەوەی پێدانی زانیاری دەربارەی کەسایەتی لە ناو دەقەکەدا. ئەم بابەتەش لـە دەقـی شیعریدا دەبێتە بەشێکی دانـەبـڕاو لە ناوەڕۆکی بابەتەکە.

وەسـف دەبـێـتـە بـنـەمـایـەک بـۆ دەرخـسـتـی تایبەتمەندییەکانی مەعشوق لەلایەن عاشقەوە کە حەریریە، دەقی قسەکەی ئاراستەی مەعشوقە،دەبێتە تەوەرەی وەسفەکە و شاعیر بە شایستەی دەزانێت و جوانی دەبەخشێتە شیعرەکەی.

لەم شیعرەدا حەریری دوو زوڵفی سوری لەسەر کوڵمی یار داناوە، بەرگێکی جوانی بە شیعرەکەی پۆشیوە، بە شێوەی ناڕاستەوخۆ باسی زوڵفی سوور دەکات، کە لێرەدا بە سووری خەنەی چواندووە.

نەکهەت گوڵە لە گوڵشەنێ
نیشانەی خاڵ گەردەنێ
دوو زولفی شۆخ شوبها خەنێ
لەرزین و دێنە سورەتێ. (حەریری ٢٠٢٠: ٩٦).

سەرجەم ئەو وەسفانەی کە بۆ باڵای مەعشوق وتـراون بـاس لە جەستەیەکی تـەواو و بێخەوش دەکـەن، جەستەیەک کە کامڵە.لەوەسفکردنی ئەم وێنە شیعریەدا(حەریری)زوڵفی یار بە سووری خەنە دەچوێنێت، لە جیاتی ئەوەی زوڵفی یارەکەی گوزارشت لە تاریکی بکات، لێرەدا گوزارشت لە جوانی و درەوشاوەیی مەعشوق دەکات، لەرزین سیفەتی گەڵای دار یا گیای تازە سەوزبووی دەم ئاوی کانییە، لەگەڵ بەرکەوتنی ئاو دەلەرێتەوە، حەریری دەڵێت: ئەو زوڵفە سوورانە کە دەکەونە سـەر روومـەتـی یـار دەسـت دەکـەن بە لـەرزین، کە ئەم لەرزینەش بە هۆی خۆشحاڵییەوەیە. ئەم وەسفانە دەبنە شوێنێکی ئارام بۆ هەموو خۆشی و ناخۆشیەکی "حەریری".ئەم وەسفە شیعرەکەی جوانتر کردووە و کاریگەریەکەی زیاتر دەچێتە ناو دڵ و دەروونی خوێنەرو گوێگرەوە.

رەیاحین سووسن و وەردن
وە رەستی ئەحمەر و زەردن
ل شێخ عەلیێ غەریب فەردن
هەرۆ سەدجار د ئەفغان تێت.(دوسکی ٢٠١٩: ٣٧٢).

لـەم دێـرە شـیـعـرانـەدا وەسـفـی زوڵـفـی یـاری کـردووە، کە وەکو رەشە ڕێحانە و سسوسن و گوڵن، لە هەمان کاتدا و ڕەنگیان زەرد کردووە، هەر وەکو ئەوە وایە کەس ئەم جوانییەی نەدیتبێت جگە لە(حەریری)، کاتێک ئەو جوانییە دەبینێت و بیری لێدەکاتەوە هەموو رۆژێک سەد جار هاوار و ناڵەی لێ هەڵدەستێنێت.

شەمعا شەبستانان ئەوە
وەردا گوڵستانان ئەوە
سەروا د بوستانان ئەوە

شۆخا حەریری دلگەشە.(یوسف١٩٧٢: ١١-١٢ ).

وەسفی یار لێرەدا خۆی لە(شەمع و شەو و گوڵ و باغ و بێستان)دەبینێتەوە، ئەم وەسف کردنە وردەکارییەکانی مەعشوق دەخاتە ڕوو، بە ڕووناکی شەوان دەیچووێنێ کە شەمعە و شەوانی بۆ ڕووناک دەکاتەوە، گوڵی گەشی باخچە هەر یارە، داری سەروو واتە بەژن و باڵای وەکو سەرووە، شۆخی حەریری دڵی خۆشە گەشاوەتەوە.

کەسێتی مەعشوقی وەسفکراو شوناسێکی تایبەت بە شاعیر دەبەخشێت و وێنەیەک و دونیایەکی باڵا لە شیعرەکانیدا بەرجستە دەکات، جەخت لە ڕەهایی جوانی دەکاتەوە، جوانییەک کە سەنعەتێکی هونەری جوان پیشان دەدات و تایبەتمەندی"حەریری"دەخاتە ڕوو.

## ئەنجام:

هیچ سنورێک لە نێوان شیعر و هەڵسوکەوتی ئەو کەسانەی کە خۆیان بە ناوی عیشقەوە نواندن دەکەن نییە.هونەر لاسایی ژیان دەکاتەوە، ژیانییش لاسایی هونەر دەکاتەوە.عیشق مەیلە بۆ شتێکی دڵخۆشکەر، بۆ دەروون و ئەو شتەی کە دەیبینێ و وا دەزانێت چاکە، ئامرازێکە بۆ کۆنترۆڵکردنی مەعشوق بەڕادەیەک هەموو ئەوشتانە جێبەجێدەکات کە خۆشەویستەکەی خۆشی دەوێت. ئاشکراکردنی ڕازی عیشق لە کۆندا تاوان بووە و سزا دراوە، بۆیە شاعیران کە باسیان لە عیشق و مەعشووق کردووە بە ڕەمزەوە باسیان کردووە، رەمزێک کە تا ئێستا لە نێوان حەقیقەت و مەجازدا ماوەتەوە. عیشقی مەجازی بەشیکی هەرە زۆری بونیاتی پێکهاتەی شیعری حەریرییە، خۆی لە بێدەسەڵاتی و تامەزرۆیی و ئارامی و سوتان لە عیشقدا دەبینێتەوە. عەلی حەریری بە ووتنی شیعری دڵداری چ زەمینی و چ ئاسمانی کە ناوەڕۆکێکی عارفانەی هەیە لە هەردوو بوارەکەدا هەنگاوی ناوەو کاری تێدا کردووە.کەمترین شیعرەکانی دەچێتە خانەی عیشقی حەقیقییەوە،ئەمەش وەکو شاعیرێکی عیشقی مەجازی دەیناسێنێت،وا دەکات تێمای عیشق لای(عەلی حەریری) جیاوازتر بێت لە شاعیرانی دیکە.

لە تێکستە شیعریەکانی عەلی حەریریدا عیشقی مەجازی خۆشەویستیەکی لە ڕادەبەدەرە، پەیوەستە بە تاکەکەسێکی تایبەت، تەواوی نیگا و گرنگی پێدانی بۆ مەعشوقەکەیەتی، بەجۆرێکە جگە لە مەعشوق هیچ کەسێکی تر نابینێت و ئارەزوو و ئاواتی تەنها گەیشتنە بە یار، جگە لەوە هیچ شتێکی تری قبوڵ نییە. وەسفی یار بەشێکی دیکەی شیعری(حەریری)پێکدەهێنێت، خۆی لە وەسفی(جەستەی مەعشوق)دا دەبینێتەوە، وێنەیەکی هونەری جوانی دروستکردووە. پەیوەندی خۆشەویستی لای(حەریری)پەیوەندییەکی(من و تۆ) یيە، ئەم پەیوەندیە سەرچاوەکەی عیشقێکی زەمینیە و هەر لەسەر زەمینیش ئەم پەیوەندییە دروست دەبێت و کاریگەری لەسەر دەروونی دروست دەکات، دەبێتە سەرچاوەی ئیلهامی شیعری بۆ شاعیر.تامەزرۆیی(حەریری)لە ئەنجامی هۆنینەوەی غەزەلی عاشقانەدا دەردەکەوێت.عیشق بۆ(عەلی حەریری)هۆکاری مانەوەی ژیانە، بێ عیشقی مەرگە بۆی، عاشق و مەعشوق بەرامبەر بە یەکتری دەوەستن تا هۆکارێکیان بۆبەردەوام بوون لە ژیان و عیشقدا بۆ بمێنێتەوە. کەواتە عەلی حەریری عیشقی ئافرەت تەوەرەیەکی سەرەکی شیعرەکانی بووە، عیشقێک ئیلهامەکەی ئافرەت بووە، هەروەها بە شاعیرێکی سۆفیگەریش دەناسرێتەوە کە باسی سوتان و دووری دەکات، وەسفی پێغەمبەری ئیسلام دەکات سەلامی خوای لەسەربێت، لە هەردوو بواردا شیعری هۆنیوەتەوە.

## سەرچاوەکان

### بە کوردی

- ئامێدی،صادق بەهائەدین،(١٩٨٠)،هۆزانڤانێت کورد،چاپی یەکەم، بەغدا، چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری عێراق،دەستەی کورد.

- ئەحمەد، عومەر، هێمن،(٢٠١٤)، هێرمۆنتیکای شیعری سۆفیانەی مەحوی، نامەی دکتۆرا، سکولی زمان، زانکۆی سلێمانی.

- جزیری، (١٣٦١)،دیوان، هەژار موکریانی شەرحی بۆ کردووە، تەهران، سرووش.

- جەباری، ڕزگار،(٢٠٢٠)، دیوانی عەلی حەریری، چاپی یەکەم، هەولێر، بڵاوکراوەی ماڵی وەفایی (٢٠٢٥)،دیوانی عەلی حەریری، بێ چاپ.

- حامد، دێرین، (٢٠٠٤)، ئەگەر عاشق نیوەبێت ئایا مەعشوق نیوەکەی تریەتی؟،گۆڤاری لڤین، ژمارە(١٥).

- حسێن، ناهیدە، (٢٠١٧)، ڕەنگدانەوەی عیشق لە شیعرەکانی (فەرەیدون عەبدول بەرزنجیی)دا،گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژمارە٤٣، لاپەرە ١٩٩.

- خەزنەدار، مارف، (٢٠٠٢)،مێژووی ئەدەبی کوردی سەدەکانی چواردەم- هەژدەم،بەرگی دووەم، هەولێر، بڵاوکراوەکانی ئاراس.

- دزەیی، عەلی فەتاح، (١٩٨٥)،دۆزینەوەی هەڵبەستێکی دیکەی عەلی هەریری، گۆڤاری کاروان، ژمارە(٨)، ل٢٢-٣٣.

- دۆسکی، تەحسین ئیبراهیم، (٢٠١١)،باغی ئیرەم، گەشتەک دناڤ گولزارا شعرا کرمانجیدا، چاپی یەکەم، زاخۆ.

- دێرەشی، سەعید، (٢٠٠٥)،کەلهێن ئاڤا، چاپی یەکەم، دهۆک، پیرێز.

- ڕەسول، عیزەددین موستەفا، (٢٠١١)،مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم، بێچاپ.

- سیوەیلی، ڕێبوار، (٢٠٠٢)،دیاردەگەرایی تاراوگە، چاپی دووەم، هەولێر، چاپخانەی وەزارەی پەروەردە.

- شێخانی،سەمیر،(٢٠٠٥)، خەرمانێک لە بیری مرۆڤایەتی،وەرگێڕانی دیار عەلی لە عەرەبییەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئارام.

- عەبدوڵلا، موحەممەد، (١٩٩٧)،پارچەک ژ هەلبەستەک عەلی حەریری یا نەبەلاڤ کری،گۆڤاری ڤەژین، هژمارا(٩)پاییز،ل٥٢-٥٥.

- عەلی، ئیحسان،(٢٠٠٧)، فەرهەنگی خنجیلەی جاف، ئینگلیزی - کوردی، چاپی سێیەم، بەڕێوەبەرایەتی چاپخانە گشتییەکان.

- قەرەداغی، موحەمەد،عەلی،(٢٠٠٤)،کەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی کوردی ،بەرگی ٦، هەولێر، بڵاوکراوەکانی ئاراس.

- کارنگی، دیل، (١٩٩٩)،هونەری ووتاردان، وەرگێڕانی عومەر یوسفی،نامیلکە.

- کۆمەڵەنووسەرێک، (٢٠٢٥)،عەلی حەریری سوارچاکی شیعر و پێشەنگی داهێنان، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەلات.

- موکریانی، هەژار،(١٣٦٩)،فەرهەنگی کوردی-فارسی، یەک بەرگ، تەهران، سروش.

- نالی، (١٣٩٦)،دیوان، مەلا عەبدولکەریمی مودەریس ساغی کردۆتەوە، کەرەج، چاپخانەی مانگ.

- یوسف، عبدالرقیب، (١٩٧٢)، دیوانا کرمانجی، النجف، مطبعة الاداب، وەزارەتی کاروباری سەرەوە.

### بە فارسی:

- بختیاری،پژمان،(١٣٥٠)،عشق در اشعار خواجه در مقالاتی درباره زندگی حافظ شیرازی، دانشگاه پهلوی.

- دیلمی، ابو الحسن علی بن محمد، (١٣٩٠)،الف الفت ولام معطوف،مترجم قاسم انصاری، قزوین، نشر سایەگستر.

- شمشیری،بابک،(١٣٨٥)،تعلیم و تربیت از منظر عشق وعرفان،چاپ اول،تهران، طهوری.

- عطار،فریدالدین،(١٣٨٣)،منطق الطیر، تصحیح و تعلیقات محمد رضاشفیع کدکنی، چاپ اول، تهران، سخن.
- کوردو، قانات،(١٣٩٤). تاریخ ادبیات کردی، ترجمه: عباس فرهاد توپکانلو، چاپ اول، قم، ناشر عمو علوی.
- لـپ، ایـنـیـاس،(١٣٧٠)،روان شناسی عشق ورزیدن،مترجم کاظم سامی ومحمود ریاض، چاپ سوم، تهران، انتشارات چاپخش.
- میر قادری، سیدفضل الله،(١٣٨٤)،مقالەبررسی تطبیقی،ویژگیهای عشق در شعر حافظ شیرازی وابن فارض مصری، مجله علوم اجتماعی و انسانی دانشگاه شیراز،دوره بیست و دوم،شماره سوم پاییز، ص١٦٨-١٦٧.
- همدانی، عین القضاة،(١٣٧٠)،التمهیدات، چاپ سوم، تهران، کتابخانه منوچهری.

**بە عەرەبی**

- ابن منظور،(بدون سنة)،لسان العرب، تحقیق: عامر احمد حمید،مراجعة عبدالمنعم خلیل ابراهیم، الجلد الاول،(آ،ب)، منشورات على بیضون، دار الکتب العلمیة، لبنان، بیروت.
- الشیخ،محمدحسین،(٢٠١٩)،کم انت احمق یاقلبی،شعر الحب عند الفراعنة،موقع صیف٢٢.
- فروم، اریک،(٢٠٠٠)، فن الحب، ترجمة مجاهد عبدالمنعم مجاهد،دار العودة، لبنان، بیروت.
- مجمع اللغة العربیة،(٢٠٠٤)،المعجم الوسیط، ط٤، مصر، مکتبة الشروق الدولیة.

The theme of love in Ali Hariri's Kurdish poems

One of the most important studies in the history of world literature is the subject of lovebecause it was born with the emergence of human life ،some of which have remained in the human mind and are constantly being written in literature .It can be said that no world literature has been deprived of the subject of love ،whether real or figurative .He talks about the distance between the fire and the fire .This issue is of particular importance in the field of connecting the soul to the body ،and this is an important theme in literature and love ،and on the other hand ،it shows the importance of the theme of love in Hariri's poems ،because love and poetry are two inseparable feelings.

Keywords: Theme, Love, Psychology, Virtual Love, Ali Hariri.

موضوع الحب في قصائد علي الحريري الكردية

من أهم الدراسات في تاريخ الأدب العالمي موضوع الحب، لأنه ولد مع ظهور الحياة البشرية، التي بقي بعضها في العقل البشري ويكتب باستمرار في الأدب. يمكن القول إنه لم يحرم أي أدب عالمي من موضوع الحب، سواء كان حقيقيا أو مجازيا. يتحدث عن المسافة بين النار والحرق. هذا الموضوع له أهمية خاصة في مجال ربط الروح بالجسد، وهذا موضوع مهم في الأدب والحب، ومن ناحية أخرى يظهر أهمية موضوع الحب في قصائد الحريري، لأن الحب والشعر شعوران لا ينفصلان.

الكلمات المفتاحية: الموضوع، الحب، علم النفس، الحب الافتراضي، علي الحريري.